# دەنگدان و دەنگنەدان ، کامیان لەبەرژەوەندی کورددایە ؟

خەتاب سابیر
28-01-2005
khatabs@hotmail.com

دەنگدانی گەلی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستاندا ، هەر لەسەرەتاوە دوو بەرەی دژ بەیەکی لەبەرامبەریەکدا ڕاگرت، من لەو بەرەیەدا بووم کە بۆیکۆتی هەڵبژاردن بکرێ و بەشداری هەڵبژاردن نەکرێ ، تا ببێتە کارتێکی گوشاری سیاسیی گەورە بەسەر ئەمێریکاو دەوڵەتی عێراق و کۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە، بۆ دابینکردنی هەرچی زیاتر لەمافەکانی گەلی کورد بەتایبەت لەگەڕاندنەوەی شوێنە تەعریبکراوەکان بۆ سەرهەرێمی کوردستان و هەروەها بۆ ئەوەی ئەڵتەرناتیڤی ڕیفراندۆم ببێتە ئەمری واقیع . بەداخەوە ئەم خواستە نەک نەهاتە دی ،بەڵکو کار گەیشتووە بەوەی کە بەرەی بۆیکۆتکاران ، بەتایبەت ئەوانەی کە قسەدەکەن و نووسینیان هەیە و دەنگیان بەرزدەکەنەوە ، هاتۆتە سەر هەندێ ناسیۆنالیستی توندڕۆ و هەندێ کەسی تر بەناوی جۆرە کۆمۆنیزمێکی خورافییەوە دەپەیڤن ، بەعسییەکان و تەعریبکارەکانی کەرکوک لەکورد پڕدەکەن و تێژیان دەکەن لە کەرکوکییە دەرکراوەکان و داکۆکی لە گۆڕینی دیمۆگرافیای شاری کەرکوک دەکەن کە بەعس کردیی .لەولاشەوە بۆ جولاندنی هەستی کوردەکان بەشێوەیەکی زۆر ماکیاڤیلیانە دەڵێن دەنگ مەدەنەوە بە عێراقی عەرەبیی! .

بەشێکی بەرچاو لەو کوردانەی کە سێرمۆستاتی کوردایەتیان پلەیەکی زۆر گەرم دەخوێنێتەوە ، لەو شوێنەوەیە کە زۆر دڵسۆزن بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کورد ، زۆر پەرۆشن بۆ چارەنووسی سیاسیی خەڵکی کوردستان و جوگرافیای سیاسیی کوردستان،بۆیە دەڵێن بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا خیانەتە، دەڵێن خشتێک نانێنە سەر خشتێک بۆعێراقی عەرەبیی و ئالای ئەلاهوئەکبەر و هەژموونی ڕوو لەکزیی شۆڤێنیزمی عەرەبیی. ئەمانە هەمووی قسەی جوانن ، قسەی سیاسین ، وردەکاریین لە هاوکێشە سیاسییەکانی عێراق و جیهاندا. بەڵام ئەگەر لەسەر پێی خۆی نەتوانرا بوەستێنرێ و لەبەرامبەریشدا زۆربەی گەلی کورد دەنگ بدەن و قورسایی سیاسیی گەلی کورد بەلایەکی تردا ڕابکێشرێ ، ئەوا ئەم یاخیبوونە سیاسییەو ئەم یاخیبوونە سیڤیلیانە لەهەڵبژاردن لە چوارچێوەی کۆمەڵێ گفتی مۆراڵیی و عاتیفەی سیاسیی زیاتر ناچێتە خانەیەکەوە کە لەداهاتوویەکی نزیک و دووردا شتێکی لێ بچنرێتەوە چونکە ڕێژەکەی ئەوەندە کەمە کە هیچ فاکتێکی سیاسیی بەخۆیەوە نانووسێنێت .

لێرەدا دەکرێ، بگوترێ، ئەی ئەوە نییە، پتر 1200000 یەک میلیۆن ودووسەد هەزار عێراقیی کە مافی دەنگدانییان هەیە لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە عێراقییەکانی لێن، تەنها چارەکە میلیۆنێک خۆی ناونووسکردووە بەپێی کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ،لێرەشەوە بڵێن ئەمە پەیامێکی ڕوونە کە خەڵک بۆیکۆتی ئەو هەڵبژاردنە دەکات، لەکاتێکدا لەڕووی یاساییەوە ئەگەر نیوەی عێراقییەکان بەکوردستانیشەوە بەشداری هەڵبژاردن بکەن، ئەوا شەرعییەت پەیدا دەکات، بەدڵنیاییشەوە ڕێژەکە زۆر لەوە زیاتر بەشداریی دەکات . بەڵام بۆ ئەوانەی لە هەندەرانن کۆمەڵێ گرفتی تر هەیە ، نەک

بۆیکۆتکردنی سیاسیانەی هەڵبژاردن. پێم وایە بەشی زۆری ئەو فاکتەرانە لە لاموبالاتیی سیاسیی و پەرتەوازەیی و گوێنەدان بەهیچ و خۆژیاندن و فەردییەتدا خۆی دەبینێتەوە ، لای کەم، نیوەی ئەوە لێک دەداتەوە چۆن سەد دۆلار ، سەد یورۆ ، خەرجبکات بچێ ناوی بنووسێ و دەنگ بدات . بەڵی بڕیاری بەشدارینەکردن بەگشتی بڕیارێکی تایبەتی کەسە عێراقیی و کوردستانییەکانە تا ئەوەی بڕیارێکی سیاسیی بێت بە ئیجماع . هەموو ئەوانەی لەدەرەوەن ، کۆمیونیتیی کوردیی و عێراقیی باش دەناسن کە چەند دابڕاوو بەرکەنارە لەچاو کۆمیونیتی نەتەوەکانی تردا.

هەندێ کەس ڕەنگە بڵێ ئەمە هەڵوێست گۆڕینە ،ئەمە ناجێگیریی سیاسییە دوێنی بانگەوازی بۆیکۆتکردن بکەیت و ئەمڕۆ بڵێی دەچم دەنگ دەدەم ، ئەمەش بەکۆمەڵێ وشەو ڕستەی ئامادەکراو و ڕەنگاوڕەنگ دەنەخشێنن ... بەشی زۆری ئەم جۆرە دەنگانە هەرگیز بەردێک لەسەر بەردێک دانانێن، بینیمان لەسەرەتای هەڵمەتی ڕووخاندنی بەعسدا ، میلیۆن میلیۆن مرۆڤ لەسەراسەری دنیادا دژی سیاسەتی ملهوڕانەی جۆرج بۆشی کوڕ هاتنە سەر شەقامەکان، بەڵام بەچەپی عێراق و کوردستانیشەوە ، بە ئازادیخوزان و داکۆکیکارانی بواری مافی مرۆڤ لە کوردستان و عێراقیشدا بۆ یەک ساتێکی تیژتێپەڕیش ئەوەیان بەدی ناکرد، ئەی بەمانەوەی سەددام و ڕژێمی بەعس چ خێروبێرێکی سیاسیی بۆ عێراق دەستەبەردەکرێ.... چ کارەساتێک بۆ عێراق و کوردستان بەڕێوە دەبێ ، لەڕاستیدا هەموو ئەو عێراقیی و کوردانەی کە دژی هێرشی ئەمێریکا بوون بۆ سەر حکومەتی بەعس ، جگە لەبێ ئاسۆیی و سەرگەردانیی و خۆخواردنەوەو ڕستەجوینەوەی کلێشەیی هیچ ئەلتەرناتیڤێکی سیاسییان بۆ عێراق و کوردستان پێ نەبوو ، ئێستاشی لەگەڵدا بێت.

ئەوانەی پێیان وایە ئەمە هەڵویست گۆڕینە ، لەمەڕ هەڵبژاردن ، ئەوا دەبێت ئەوە لەبەرچاوبگرن، ئەمڕۆ سیستەمی نوێی ژیان و دیموکراسیی و سیستەمی جیهانیی و مۆدێرنیزم و شارستانییبوون ئەوەت لێ دەخوازێ کە بەشداری هەڵبژاردن بکەیت و ئەم ڕێگایەش تاقی بکرێتەوە. هەموو ئەوانەی لەساڵی 1992 دەنگمان نەدا ، چیمان بەچیی کرد ؟ ئەی ئەگەر ئێستا دەنگ نەدەین چیی بەچیی دەکەین . هەڵوێست گۆڕینێک لەپێناوی بەرژەوەندی باڵای چارەنووسی سیاسیی کوردستاندا بێت لای من شانازییە . ئەو حیزب و لایەنانەی کە بەشداریش ناکەن، ئەوە لەوە دەترسێن هاژووژو فرۆفیشاڵەکانیان لەئاستی عێراقیشدا دەربکەوێ ، کە لەچەند سەد نەفەرێک تێ ناپەڕن، هەروەکو لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانییەکانی کوردستاندا ناوەڕۆکی ڕاستەقینەیان بەدەرکەوت. سەردەمی قسەی زل و هاتوهاوار دەمێکە بەسەرچووە، هەرکەس با قەبارەی خۆی بناسێ ئەوسا بەناوی زۆرینەوە قسەبکات. ئەمە گەلێ باشترە لە موهاتەراتی سیاسیی و سیاسەتکردن بە هەرزەیی و چەقاوەسوویی .

ئەمڕۆ باڵانسی هێز لە قازانجی دەیان هەزاران دەنگدا نییە کە دەڵێن با بۆیکۆتی هەڵبژاردن بکەین، بۆیکۆتکردن کاتێ سەمەری دەبوو کە لای کەم نیوەی کۆمەڵگای کوردستانت لەگەڵدا بووایە، هەندێ کەس پێیان وایە ئەگەر هەڵبژاردن بۆیکۆت بکەن ئەوا مێژوویەکی درەخشانی سیاسیی بۆخۆیان تۆماردەکەن، من پێم وانییە دڵسۆزیی و پاکوخاوێنی خەڵک بەوە بپێورێت کە بەشدار دەبیت یان نا، زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان بەشداری هەڵبژاردنی پارلەمانی عێراق دەکەن ، نەک لەبەر ئەوەی دڵیان بۆ عێراقی عەرەبیی دەسووتێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە دەنگی کورد زیادبکەن لەبەرامبەر

ئەو هەموو ئیسلامیی و شۆڤینیزمە عەرەبییەی کە سبەی ڕۆژ پارلەمانی عێراق پڕدەکەنەوە، پێویستە ئەوەش بگوترێ ، زۆرایەتی ناسەپێنرێ چونکە مەبدەئی تەوافوق پێشوەخت بووەتە ڕوکنێکی سیاسیی.

بەشداریکردنی هەڵبژاردن ،یانی بەشداریکردن لەشەڕی داهاتوودا کە شەڕی دەستوورە، بمانەوێ و نەمانەوێ ، سبەی دەستوورێکی بەناو هەمیشەیی دادەنرێ و چارەنووسی سیاسیی کوردستان و ئایندەی سیاسیی کوردستانی پێوە بەند دەبێت، ئەم بەشداریکردنە بەشدارییەکی سیاسیی چارەنووسسازە بۆ گەلی کورد ، بۆچیی من و تۆ هەوڵبدەین دەنگی کورد کەمبێتەوە لە بەغداد، لەکاتێکدا بزانین کە دەنگی ئێمە نایخوات کە پێشتر و تائێستاش بانگەوازی بۆیکۆتکردن بکەین، ئەمە بەڕاستیی کووتانی ئاسنی ساردە ، ئێمە خۆمان بەعێراقی نازانین ، خۆمان بەدۆست و دراوسێی عێراقی عەرەبیی نازانین، ئەمانەو سەدان خولیای ئەرخەوانی تر ڕاستن، بەڵام هەموو ئەمانە لەفەنتازیای شاعیرێک دەچێ کە لە ڕۆخی دەریایەک دانیشتووەو بە سرووشی شیعر دەیەوێ شەپۆلەکان لەدەریا جیابکاتەوە. عێراقیی بوون و نەبوون بە فەنتازیا چێناکرێ بە خەباتی سیاسیی ژیرانە چێدەکرێ.

من زۆر بەڕێزەوە دەڕوانمە هەموو ئەو کەسایەتییە سیاسیی و رووناکبیرو نووسەرو ڕۆژنامەو سایتەکوردییانەی کە بۆیکۆتی هەڵبژاردنیان کردووە و بانگەوازی خەڵکیشیان کردووە بۆ بۆیکۆتکردنیی، ئەمەی من هیچ لە ماندووبوون و دڵسۆزیی ئەوان کەمناکاتەوە کە لەماوەی ڕابردوودا نوسیتیان ، وتیان، سیمیناریان لەسەرکرد، خەڵکیان هاندا دژی هەڵبژاردن ، بەڕاستی ئەم بەرەی گوشارە سیاسییە بوو وای لەسەرکردایەتی کورد کرد هەندێ مەرج بەسەر ئەمێریکاو حکومەتی عێراقی و بەریتانیادا بسەپێنێ لەمەڕ کەرکوک، ئەوە ئازایەتی سەرکردایەتی کورد نەبوو بەتەنها ئەگەر دەنگی ئەو هەموو نووسەر و خەڵکە تێکۆشەرە بەشێوازی جۆراوجۆر لێیان ڕانەپەڕاییە و هانی نەدانایە .

لەسەروو هەموو ئەمانەوە یەک حەقیقەتی سیاسیی لەپێشەوە چاوەڕوانمان دەکات، ئەویش ئەوەیە، بەدەر لەویستی سیاسیی هەموو ئەم دەنگانە، هەڵبژاردن بڕیارە بکرێ، قورسایی سیاسیی کورد بەندە بە ڕێژەی ئەو ژمارانەی لە پارلەمانی عێراقدا کۆدەبێتەوە. سەردەمی خۆگیڤکردنەوەو دانبەشاخدا بەسەرچووە، گەلی کوردیش دەیەوێ بەئاسوودەیی و بەئاشتیی بژی.. کاتێکیش بەرپاکردنی ڕیفراندۆمێکی سەرتاسەریی ڕێگایەکی دووری لەبەردەمدایە، بۆ ڕێگای سندووقەکانی دەنگدان نەگرینەبەر. ئێمە ئەگەر بتوانین لەم ڕێگایەوە هەنگاوبەهەنگاو خانەقین و شەنگار و شوێنەتەعریبکراوەکانی تر بگەڕێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان و ، چەمچەماڵ و کەلارو کفری و دووزخورماتوو بگێڕینەوە سەر کەرکوک و کەرکوکیش بۆ هەرێمی کوردستان ،ئەی بۆ نەیکەین، ئێمە کاتێ بتوانین بە یاسایی هەموو ئەو شوێنانە بهێنینەوە سەر جوگرافیای سیاسیی کوردستان، ئیتر بۆ سەدان هەنگاو نەچووینەتە پێشەوە لەڕیفراندۆم .

بەڕاستی ئەمە دەنگدان نییە بەیەکێتی و پارتی، ئەوەندەی دەنگدانە بە داهاتووی سیاسیی کوردستان ، دەکرێ دەنگ بەیەکێتی و پارتی و حیزبەکوردییەکانی تر نەدەیت لەپارلەمانی کوردستاندا، بەڵام

بەڕاستی گرنگییەکی مێژوویی هەیە لەعێراقدا دەنگ بدەی بەکوردستان یان هەر بەرەو حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتووخواز کە سبەی کورد هەڵوێستێکی سیاسیی لێیان دەست بکەوێ. ئەوە ڕاستە بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسە باڵاکانی یەکێتی و پارتی ، فایلیان ڕەشە،دزن ،ڕێکۆردی کوشتن وبڕینیان لەسەرە، تاوانیان دەرهەق بە مافی گشتیی هاووڵاتییان کردووە ،سەرەڕای شەڕی ناوخۆو ...هتد، کەچی هێشتا کوردستان لەچواردەساڵی ڕابردوویدا دیموکراسیترین شوێنی نەک هەر عێراق بووە، بگرە هی هەموو ناوچەکەش بووە . بەڵام ئایا ئەم بیانووانە دەکاتە ئەوەی کە من خۆم بدزمەوە لە پرۆسێسێک کە بمەوێ و نەمەوێ و چارەنووسی خۆم و گەلەکەمی پێوە بەندە . نەوشیروان موستەفا پشتی بەئازایەتیی و توانایی کەسانی تێکۆشەرو نووسەرانی ئازا و خەڵکی دڵسۆز بەستیوە کاتێ سێ هێڵی سوور دادەنێ بۆ شۆڤینیزمی عەرەبی و ئیسلامیی سیاسیی لە ئاست خواستە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستاندا، ئەوەی هەر ڕەخنەیەک لەسەر نەوشیروان موستەفا هەیە بەجێی خۆی، بەڵام لێرەدا جێگای دەستخۆشییە کە سەرکردەیەک بەپشتی گەلەکەی خۆی ئاوا ئازایانە پەنجە دەکات بەچاوی ئەوانەدا کە هێشتا باوێشکی شۆڤینیزمی عەرەبیی و ویلایەتی فەقیهیان لەمەڵاشوو بەردەبێتەوە و چاویان بەرایی نادات کورد لەجوگرافیا سیاسییەکەی خۆیدا مافی چارەی خۆنووسینی سیاسیی خۆی هەبێ .